# أثر الصور المتسلسلة في تحصيل مادة اللغة والادب الكردي عند طلاب الصف السابع الاساسي وتطوير تفكيرهم التقاربي

**هشام داود هدايت كاكي**

Hesham.Dawood2306m@ircoedu.uobaghdad.edu.iq

**أ.م. سرود ولي اسماعيل الجاف**

**جامعة بغداد/ كلية التربية ابن رشد للعلوم الإنسانية**

**الملخص**

يرمي البحث الحالي الى تعرف أثر الصور المتسلسلة في تحصيل مادة اللغة والادب الكردي عند طلاب الصف السابع الاساسي وتطوير تفكيرهم التقاربي. ولتحقيق ذلك اعتمد الباحث تصميماً تجريبياً ذو ضبط جزئي، لكونه يتلاءم مع اجراءات البحث، واختارقصدياً (متوسطة سيروان) للبنين، التابعة لمديرية تربية كركوك-الدراسة الكردية، وبطريقة السحب العشوائي أُختيرت شعبة (ب) لتمثل المجموع التجريبية وشعبة (ج) لتمثل المجموعة الضابطة التي سيدرس طلابه على وفق الطريقة الاعتيادية. حرص الباحث قبل بدء التجربة على التأكد من تكافؤ مجموعتي البحث التجريبية والضابطة في عدد من المتغيرات هي: العمر الزمني محسوباً بالشهور، درجات اختبار القدرة اللغوية،درجات اختبار الذكاء، درجات اختبار التفكير التقاربي القبلي، التحصيل الدراسي للأب، التحصيل الدراسي للأم، درجة اختبار التحصيل البعدي. وبموجب شروط الأهداف السلوكية صاغ الباحث (٧٩) هدفًا سلوكيًا، موزعة بين(٥) مستوى من مستويات بلوم الستة (معرفة، فهم، تركيب، تحليل، تطبيق)، ولغرض معالجة البيانات استعمل الباحث الوسائل الإحصائية الآتية في إجراءات ونتائج بحثه :الاختبار التائي (T-test) لعينتين مستقلتين، اختبار مربع كا٢، معادلة معامل الصعوبة، معادلة فعالية البدائل الخاطئة، معادلة معامل صعوبة الفقرات، معادلة سبيرمان- براون، معادلة ارتباط بيرسون، ومعامل إيتا ($\eta^2$). في الختام، توصل الباحث إلى أن استخدام استراتيجيات الخرائط الذهنية له تأثير إيجابي واضح على تحصيل الطلاب وتطور مهارات التفكير التقاربي مقارنة بالطرق التقليدية.

**الكلمات المفتاحية: أثر الصور المتسلسلة، تفكير التقاربي.**

## The Effect of Sequential Images on Basic Seventh-Grade Students' Achievement In the subject of Kurdish language and literature the Development of Their Convergent Thinkin

**University of Baghdad/ Cllege of Education Ibn Rushd**

## Abstract

The aim of this study was to determine the effect of using sequential images (picture series) on the achievement in Kurdish language and literature and the development of near-transfer thinking among seventh-grade basic school students. To achieve the research objective, the researcher adopted a quasi-experimental design,as it is suitable for current research procedures. For this purpose, the (Sirwan) boys' basic school, affiliated with the Kirkuk Directorate of Education—Kurdish Studies, was selected as the research site. Through random selection, class(B)was chosen to represent the experimental group, while class(C)was selected as the control group, whose students were taught using the traditional method. Based on the behavioral objectives of the study, the researcher formulated 79 behavioral objectives derived from the topics taught in the experiment. These objectives were distributed across five levels out of Bloom's six cognitive levels:remembering,understanding,applying,analyzing,and creating. For statistical analysis of the results, the researcher used several tools: the independent samples T-test,Chi-square,effect size index,Cronbach's alpha,point-biserial correlation coefficient, Pearson's correlation,Spearman-Brown coefficient, and Eta squared ($\eta^2$). In conclusion,the researcher found that using the picture series strategy had a significant positive effect on achievement and on the changes in near-transfer thinking among students, compared to the traditional method.

**Keywords:Sequential Images, Convergent Thinking**

**كاریگەریی وێنە زنجیرەییەکان لە دەستکەوتی بابەتی زمان و ئەدەبی کوردی و پەرەپێدانی بیرکردنەوەی نزیکراوەیی لەلای خوێندکارانی پۆلی حەوتەمی بنەرەتیدا**

**هیشام داوود هیدایەت کاکەیی**

**پ. ی. سروود وەلی ئیسماعیل جاف**

**زانکۆی بەغداد/کۆلێژی پەروەردەی ئیبن ڕوشد بۆ زانستە مرۆڤایەتییەکان**

**پوختەی توێژینەوەکە**

ئامانجی ئەم توێژینەوەیە بریتی بوو لە زانینی کاریگەریی وێنە زنجیرەییەکان لە دەستکەوتی بابەتی زمان و ئەدەبی کوردی و پەرەپێدانی بیرکردنەوەی نزیکراوەیی لەلای قوتابییانی پۆلی حەوتەمی بنەڕەتیدا. لەپێناو بەدیهێنانی ئامانجی توێژینەوەکە توێژەر دیزاینێکی ئەزموونی نیمچە کۆنترۆڵکراوی گرتووەتەبەر، لەبەرئەوەی گونجاوە لەگەڵ ڕێکارییەکانی توێژینەوەی ئێستا، بەمەبەست ناوەندیی(سیروان)ی کوڕان سەر بە بەڕێوەبەرایەتی پەروەردەی کەرکوک-خوێندنی کوردی هەڵبژاردووە، بە ڕێگای ڕاکێشانی هەڕەمەکی، هۆبەی (ب) هەڵبژێردرا بۆ نواندنی کۆمەڵەی ئەزموونی، کۆمەڵە (ج) بۆ نواندنی گروپی کۆنترۆڵکراو کە قوتابییەکانیان بەپێی شێوازی ئاسایی فێردەکرێن. بەپێی مەرجەکانی ئامانجە ڕەفتارییەکان، توێژەر(٧٩) ئامانجی ڕەفتاریی لەسەر بنەمای ئەو بابەتانە داڕشتووە، کە لە ئەزموونەکەدا دەخوێنرێن، بەسەر(پێنج) ئاست لە(٦) ئاستەکەی بلومدا دابەشیکردوون، کە ئەمانەن: (بەیادهاتنەوە ، تێگەیشتن، جێبەجێکردن، شیکردنەوە ، پێکهێنان) بەمەبەستی چارەسەری ئاماریی بەکارهاتوو لە دەرهێنانی ئەنجامەکان، توێژەر ئەم ئامرازانەی بەکارهێناوە(تاقیکردنەوەی تائی (T-test) سەربەخۆ بۆ هەردوو کۆمەڵەکە، دووجای کا٢، هاوکێشەی کارایی جێگرەوە هەڵەکان، هاوکێشەی ئەلفا-کرونباك، هاوکۆلکەی هێزی جیاکاریی برگەکان، هاوکێشەی پەیوەستی پێرسون، هاوکێشەی سپێرمان- براون، دووجای ئیتا ($\eta 2$). لە کۆتاییدا توێژەر گەیشتە ئەو دەرەنجامەی کە بەکارهێنانی ستراتیژیەتی وێنە زنجیرەییەکان کاریگەری ئەرێنی هەیە لە وانەوتنەوەو گۆڕانەکارییەکانی توێژینەوەی ئێستا بە بەراورد لەگەڵ ڕێگای ئاسایی.

**کلیلە وشەکان:** کاریگەریی وێنە زنجیرەییەکان ، بیرکردنەوەی نزیکراوەیی.

## بەشی یەکەم

### ناساندنی توێژینەوەکە- کێشەی توێژینەوەکە:

گلەیی و گازندەکان لە وتنەوەی ئەدەب، ڕووبەرێکی بەرفراوان لە چالاکیی ئەو کەسانەدا داگیرکردووە، کە ئەرکی وتنەوەی بابەتی زمان وئەدەبی کوردی لەئەستۆیاندایە، بەو پێیەی کە بابەتێکی خوێندن و کێشەی ئاست لاوازی قوتابییان لە ئەدەبدا بەرهەمی سەردەمی ئێستا نییە، بەڵکو ئەم کێشەیە دەمێکە لە قوتابخانەکاندا بوونی هەیە و کێشەکانی فێربوونی ئەم بابەتە لە جیهاندا بەشێوەیەی جۆراوجۆر سەریان هەڵداوە، لەبەر ئەم هۆکارەیە دەنگی گلەیی لەبابەتی ئەدەب لە قوتابخانەکاندا بەرزبووەتەوە، لەبەرئەوەی پشت بە ڕێگای فێربوونی وانەبێژی دەبەستێت، کە دەبێتە هۆی بێزاری قوتابییان لەم قۆناغەی خوێندندا، هەروەها چێژ نەبینین و تێنەگەیشتنیان لە بابەتە ئەدەبییەکان کە پێیان دەدرێت, ئەمەش بۆتە هۆی لاوازی و ڕق لێبوونەوە لەم بابەتە.(مدکور ،٢٠٠٧،ل. ٦٥-٦٦)

توێژەر لەمیانەی بەدواداچوونەکانی بۆ چەندین توێژینەوە، سەرنجی داوە، کە ستراتیژییەتی جۆراوجۆر بەکارهێنراون بۆ دیاریکردنی کاریگەرییان لەسەر گەشەسەندنی جۆرەکانی بیرکردنەوە یان پەرەپێدانی ئارەزوو و پاڵنەری قوتابییان بەرەو بابەتی ئەدەبی کوردی لە قۆناغە جیاجیاکاندا، بەڵام هیچ توێژینەوەیەکی نەدۆزیەوە، کە وێنەی زنجیرەکراوەی وەرگرتبێت.

**گرنگی توێژینەوەکە**

سیستەمی پەروەردەیی لە سەردەمی جیهانگیری و تەکنەلۆژیادا ئەرکی خۆی لە پەروەردەکردنی تاکدا پاراستووە، دامەزراوە پەروەردەییەکانیش مرۆڤەکان بۆ داهاتوو ئامادە دەکەن، بۆیە دەبێت دیدێکی ڕوونی بۆ داهاتوو و پێداویستییەکانی کۆمەڵگا هەبێت، ئەمە واتای نوێکاری و داهێنان لە چارەسەرکردنی کێشەکانی ژیان کە تاک لەناو کۆمەڵگاکەیدا ڕووبەڕووی دەبێتەوە.(فەتاح، ٢٠١١،ل.٢٠)

بایەخدان بە پەرەپێدانی فێرکردن ئامانجێکە لە ئامانجە بنەڕەتییەکانی دەزگا پەروەردەییەکان، لە ناوەڕاستی پەرەسەندنی تەکنەلۆژیاو و گۆڕانکارییە خێراکاندا، کەبووە بە یەکێك لە تایبەتمەندییە سەرەکییەکانی ئەم سەردەمە، چاوەکان دەچنە سەر سیستەمە پەروەردەییەکان بەسەرجەم دەزگا جیاوازەکانی، بۆئەوەی بەرپرسیارێتی خۆی بەرانبەر قوتابییان لە ئەستۆ بگرێت، بەپێی ڕوانگەیەکی پەروەردەیی، لەسەر بنەمای پەرەپێدانی قوتابی بۆ دەرخستنی توانا شاراوەکان .(مەجید،٢٠٢٣،ل. ٨)

زمان ئەو ئامرازەیە، کە مرۆڤ بیری پێدەکاتەوە و دەتوانێت بگاتە بیرۆکەکانی کەسانی تر، لەبەرئەوەی زمان لە کۆمەڵە وشەو دەنگێکی پەیوەست بەیەکەوە وەک وشەسازی ڕێکەوتوون لەسەری، پێکهاتەو دەردەبڕێن، مرۆڤ لەڕێگای زمانەکەیدا گوزارشت لە خودی دەکات، هەروەها ئامرازێکە بە تاک و کۆمەڵگای ترەوە دەبەستێتەوە، سیستەمێکی دەنگییە, کە خاوەن ناوەڕۆکێکی دیاریکراوە. (وەلی،٢٠٢٤،ل.٦٢-٦٣)

ئەدەب دەرکەوتنێکی داهێنەرانەیە، ئەدیب بە خەیاڵە بەرفراوانەکەی لە ڕێگەی پێکهاتەو هەڵبژاردنی ئەو وشانەوە وێنەی دەکێشێت، کە خاوەن کاریگەری قوڵن لەسەر ئامادەکردنی دەروونی مرۆڤایەتی و پێکهێنانی کەسایەتی و ئاراستەکردنی ڕەفتار, کە ویژدان پاڵاوتە دەکات، هەستەکان بەئاگا دەهێنێتەوە، چێژ دەبەخشێت هەستەکان دەجوڵێنێت.(عیسی،٢٠٠٩، ل.١١)

توێژەر وای دەبینێت ئەدەب دەربڕینی جوانی بیرو خەیاڵە، کەهەرچییەك لەخۆی دەگرێت لە کێش و سەرواو هەست و وردیی لە دەربڕین و قووڵایی بیرکردنەوە و جوانی لە پێشکەشکردندا.

وێنە یەکێکە لە ئامرازەکانی دەربڕینی بیرۆکە و چەمک و هەستی مرۆڤایەتی و بەهۆی ئەو گەشەسەندنە پێشکەوتووەی لە تەکنیکەکان و لە بەرهەمەکانیدا ڕوویانداوە هەروەها هەبوونی تەکنیکی ورد، دەتوانن ئەو نهێنییانە ڕوون بکەنەوە، کە بەڕووکار بە دەرناکەون(وەک

دەوترێت:خوێندنەوە لەنێوان دێڕەکاندا)، وشەکان لە سەرووی هێزی کاریگەرییەکەیدایە، هەرچەندە هەڵگری ئاستێکی بەرزی ئەدەب بێت. (العبد ،٢٠٠٣ ،ل. ١٣٢)

**ئامانجی توێژینەوەکە:**

ئامانجی توێژینەوەی ئێستا زانینی کاریگەری وێنە زنجیرەییەکان لەسەر دەستکەوتی زمان وئەدەبی کوردی لای قوتابییانی پۆلی حەوتەمی بنەڕەتی و پەرەپێدانی بیرکردنەوەی نزیکراوەیی.

**گریمانەکانی توێژینەوەکە:**

– نەبوونی جیاوازی بەڵگەی ئاماری لەئاست بەڵگەی(٠،٠٥) لەنێوان ناوەندی نمرەی قوتابیانی کۆمەڵەی(ئەزموونی) وناوەندی نمرەی قوتابیانی کۆمەڵەی (کۆنترۆڵکراو) لە پراکتیزەکردنی تاقیکردنەوەی پاشینەی دەستکەوت لەبابەتی ئەدەبی کوردیدا.

**دیاریکردنی زاراوەکان:**

**کاریگەری:**

– **الساعدي(٢٠١٢):** " خویەکی زانین یان دەرونجووڵەییە، کە لە ئەنجامی کارلێکی مرۆڤایەتی و کارتێکراو بە شێوەیەکی مەبەستدار سەرهەڵدەدات ".( ل.٣١)

– **پێناسەی ڕێکاری بۆ کاریگەری:** "ئەو دەرئەنجامەیە، کە مامۆستا لە رەفتاری قوتابییانی پۆلی حەوتەمی بنەڕەتی(نموونەی توێژینەوەکە) لەبابەتی ئەدەبی پێیدەگات".

**وێنە زنجیرەییەکان:**

– **انیتا(٢٠١٠)** : " چەند نمایشێکە لە خستنەڕووی زانیارییەکاند پشتی پێدەبەسترێت، لەگەڵ پێکهێنانی وێنەدا، هەوڵدەدەین تایبەتمەندییە فیزیاییەکان و پێکهاتەی شوێنی زانیارییەکان بەیادبهێنینەوە یان دووبارە دروستبکەینەوە". (ل. ٥٨٥) .

**دەستکەوت:**

– **سمارة والعلايلي(٢٠٠٨):** " ئەو زانین و زانیاری و کارامەییە بەدەستهاتووانەیە، کە قوتابییان وەك ئەنجامی خوێندنی بابەتێکی دیاریکراو یان یەکەیەکی خوێندن بەدەستیدەهێنن" .(ل.٥٢)

**پەرەپێدان:**

– **آل عويد(٢٠٠٨):**" گۆڕانکارییەکی خوازراوە کە لەگەڵ گەشەسەندنی سایکۆلۆژی هاوسەنگ دەبێت، کە دەتوانین کۆنترۆڵی بکەین " .( ل. ٢٦)

**–بیرکردنەوە:**

– **غانم(٢٠٠٩):** " بریتییە لە ڕیزبەندییەکی بەدوایەکهاتوو، دیاریکراوی واتا یان چەمکی هێمایی، کە لە لایەن کێشەیەکەوە وروژێنراون و خاوەن ئامانجێکی بەمەبەستن " . ( ل. ٢٠)

**–بیرکردنەوەی نزیکراوەیی:**

– Tomas(2006 ) : " بیرکردنەوەی نزیکراوەیی دۆخێك لە گەڕان بەدوای باشترین چارە لەمیانەی ڕەخنەگرتن لە بیرەکان و هەڵبژاردنی باشترینیان".(p: 52 )

**پۆلی حەوتەمی بنەڕەتی:** "قۆناغی دوای شەشەمی بنەڕەتییە، لەدوایدا قۆناغی هەشتەم ونۆیەمی بنەڕەتی دێت، بە قۆناغی ناوەندی ناسراوە، سیستەمی خوێندن تێیدا بەشێوەی دوو کۆرسە".(وەزارەتی پەروەردەی حکرمەتی هەرێمی کوردستان ، ٢٠٠٧ ،ل. ٢٦-٢٧)

**بەشی دووەم: چوارچێوەی تیۆری و توێژینەوەکانی پێشوو**

**تیۆری بونیادگەری**

تیۆری بونیادگەری بریتییە لە نواندنی ئەو بیرۆکانە، کە هزری قوتابییانی داگیرکردووە، بۆ پێکهێنانی شارەزایی نوێ، گەیشتن بە زانیارییەکان، هەموارکردنەوەی ئەو بیرۆکانەی کە قوتابی هەیەتی، یان زیادکردنی زانیاری نوێ بۆ پێکهاتەی زانینی خۆی و دووبارە ڕێکخستنەوەیان، دواتر فێربوون ڕوودەدات و ئەوەی تیۆرییەکە بایەخی پێدەدات، جەختکردنە لە بونیادی زانینی قوتابی و ئەو پرۆسانەی کە تێیدا ڕوودەدەن.( الدليمي،٢٠١٤،ل. ٥٦)

لەتیۆری بونیادگەریدا مامۆستا سەرچاوەی گواستنەوەی زانین نییە، بەڵکو ئاراستەکارو ڕێبەرە، دەبێت دەرفەتی پێویست بە قوتابییان بدات، بۆ ئەوەی تێگەیشتنی ئێستایان لە پێش فێربوونی نوێیان تاقیبکاتەوە، هەروەها دەبێت ژینگەی فێربوون بۆ قوتابییان فەراهەمبکات، بۆئەوەی دژایەتی نێوان زانینی پێشوویان و زانینی نوێیان بدۆزنەوە.(عطية، ٢٠١٥،ل. ٢٧٤- ٢٧٥).

**فێربوونی چالاک:**

فێربوونی چالاک فێرکردنێکی واتابەخش و بەهادارە، لە ژیانی ئێستا و داهاتووی قوتابییاندا بەکاریدەهێنن، فێربوونێکی داهێنەرانە و بەرهەمدارە، ودەبێتە هۆی وەبەرهێنانی وزە شاراوەکانی تاک و ئەنجامدانی وەبەرهێنانێکی داهێنەرانەیە هەوڵی باشترکردنی جۆری ژیانی تاک و کۆمەڵگا دەدات, ڕێگەیەکە بۆ فێربوون و فێرکردن لە هەمانکاتدا.(سعادة وآخرون،٢٠١١،ل.٣٢-٣٣)

**ئامانجە چالاکەکانی فێربوون:**

فێربوونی چالاک هەوڵی بەدیهێنانی ئەم ئامانجانە دەدات:

١- پاڵپشتیکردنی قوتابییان لە چارەسەرکردنی کێشەکان.

٢- دیاریکردنی چۆنییەتی فێربوونی وانە جیاوازەکانی خوێندن لەلایەن قوتابییانەوە.

٣- هاندان قوتابییان لەسەر چۆنییەتی فێرکردنی خودی خۆیان.

٤- کاراکردنی قوتابییان بۆ دەستکەوتی هاوکاری و کارلێکردن و پەیوەندی لەگەڵ کەسانی تر.

(قرني ،٢٠١٣،ل.٣٤).

**ڕۆڵی مامۆستا لە فێربوونی چالاکدا**

ڕۆڵی مامۆستا بریتییە لە چەشنەکانی ڕەفتاری و کارڕایی مامۆستا دەیگرێتە بەر بۆ جێبەجێکردنی پرۆسەی فێرکردن و فێربوون، بەئامانجی کاریگەریکردن و ئاراستەکردنی ڕەفتاری قوتابی، بۆ ئەوەی ئەرێنیتر و گونجاوتر بێت لەگەڵ خۆی و کۆمەڵگاکەی و دەوروبەری و پاڵپشتی لێبکات بەمەبەستی بەدیهێنانی ئامانجە پەروەردەییە خوازراوەکان.

**ڕۆڵی قوتابی لە فێربوونی چالاکدا**

ڕۆڵی قوتابی تەوەری سەرەکی پرۆسەی پەروەردەییە، جا لە ڕێگەی ڕێکار و پراکتیزەکانی ناوەوە یان دەرەوەی پۆل بێت، لەمیانەی پراکتیزەکردنی چەندین چالاکیی پەروەردەییدا ئەرکە پلان بۆ دارێژراوەکان پرۆسەی پەروەردەیی دەوروژێنێت، بەو ڕاستییە جیا دەکرێتەوە کە پابەند نییە بە کەشوهەوای ناو پۆل، کە بەشدارە لە نوێبوونەوەی ژیانی خوێندن.(المهيزع، ٢٠١١،ل. ١٢٤)

**وێنە زنجیرەییەکان:**

وێنە هەموو ئەوانەی بە شێوەیەکی بینراو لە دوو ڕەهەندا دەردەکەوێت، وەک لێشاوی هەست و بیرکردنەوەکان لە هەمان کاتدا، میدیای وێنە زنجیرەییەکان(میدیای بینراو) ئەو میدیایەن، کە پشت بە هەستی بینین دەبەستن، میدیای بینراو هەیە وێنەی چەسپاو پیشان دەدەن، وەک شریتی فیلمەکان (زنجیرەی فیلم)، سلایدی وێنە (چوارچێوەی فیلمەکان) وەک وێنە و تابلۆ و چاپەمەنییەکان، وێنە زنجیرەییەکان زنجیرەیەک وێنەی یەك بابەت دەخەنەڕوو و لە کۆمەڵێک وێنەی یەک لە دوای یەکدا پێشکەشی دەکەن، کەواتە وێنە زنجیرەییەکان زنجیرەیەك وێنەی جیاواز لە یەکترو بە شێوەیەکی ڕێکخراو لە ڕووی ڕێکخستنیان لە دەقە ئەدەبییەکاندا دەخەنەڕوو، مەبەست لێی دروستکردنی کەشێکی فێربوونی باش، هەروەها هانی بیرکردنەوە دەدات، یارمەتی قوتابییان دەدات فێری کارامەیی قسەکردن بن. (Syaiful ،2006،p: 32) Bahri

وێنە زنجیرەییەکان زنجیرەیەک چیرۆکە یان ڕووداوە بە ڕێکوپێکی لەسەر بنەمای بابەتی ناو وێنەکە باس دەکات، بۆیە بەکارهێنانی یەکێکن لە ئامرازە کاریگەرەکانی فێربوون، ئەمەش لەمیانەی بە تێکەڵکردنی ڕاستییەکان و بیرۆکەکان کە بە ڕوونی لەم وێنانەدا وەرگیراون، لە ڕێگەی وێنە زنجیرەییەکان قوتابییان دەتوانن بە ئاسانی بیروڕاکانی خۆیان بە شێوەی وشە بە پێی ڕێکخستنی وێنەکان دەربڕن، ئەمەش یارمەتی قوتابییان دەدات وشەکان بە دروستی ڕێکبخەن و لە ئەنجامدا وتارێکی تەواو دروست دەبێت. (Susanti Hariani, 2013,p:65 )

**مەرجەکانی وێنەی فێرکردن :**

١- دەبێت وێنەکە ڕوون و باش بێت و هەموو ڕەگەزەکانی بابەتەکەی تێدابێت بە شێوەیەک کە ناڕوونی لای بینەردا دروست نەکات.

٢- وێنەکە زانیاری سنووورداری هەبێت و جەنجاڵ نەبێت.

٣- پەیوەستبێت بە بابەتی وانەکە و ژینگەی ئێستای قوتابی.

٤- وێنەکە لایەنێکی جوانکاری لەخۆبگرێت.

٥- قەبارەی پیشاندانی وێنە گونجاو بێت بۆ ئەوەی هەموو قوتابییانی ناو پۆل بیبینن.

٦- کاریگەریی ئەرێنی لەسەر ژیانی ڕۆژانەیان دروستبکات.(عثمان، ٢٠٠٨،ل. ١٠٣)

**گرنگی وێنە زنجیرەییەکان لە ئەدەبدا:**

١- سەرنجی قوتابییان بوروژێنێت و ئاستی دەستکەوت و لەبەرکردنیان باشتربکات.

٢ -پەرەپێدانی چێژی هونەری قوتابییان و یارمەتیدانیان بۆ لێکدانەوە و بیرهێنانەوەی زانیارییە نووسراوەکان.(الفرجاني،٢٠٠٢،ل. ٢٥)

٣- ئاشناکردنی قوتابییان بە لایەنەکانی دەقی ئەدەبی، ئەو جوانییەی کە لەخۆی دەگرێت.

**ئامانجەکانی وێنە زنجیرەییەکان:**

١- یارمەتی قوتابی دەدات فێربێت و شارەزای لە بابەتەکەدا پەیدابکات, قوتابییان لەسەر یەک بیرۆکە لە پرۆسەی فێربووندا دەهێڵێتەوە.

٢- ئاسانکاری بۆ قوتابییان دەکات ڕستەی سادە پێکبهێنن بۆ ئەوەی ڕوون و جوان بێت.

٣- زیادکردنی شێوازی فێرکردن لای مامۆستادا, هەروەها نەهێشتنی بێزاری لای قوتابییان لە فێرکردندا (Rosyidi, 2009,p:68)

**هەنگاوەکانی فێرکردن بە بەکارهێنانی وێنە زنجیرەییەکان:**

ئامرازی وێنەکان یارمەتی مێشک دەدەن لە هەڵگرتنی شتێک زیاتر و باشتر بە بەراورد بەو زانیاریانەی کە تەنها بە قسەکردن دەگەیەنرێن، بۆیە دەتوانین بڵێین بەکارهێنانی ئامرازی وێنە زنجیرەییەکان لە پرۆسەی فێرکردندا بۆ قوتابییان بەسوود دەبێت لە خێراکردنی تێگەیشتن لە بابەتەکان، ئەو هەنگاوانەی کە لە بەکارهێنانی وێنە زنجیرەییەکاندا جێبەجێ دەکرێن بەم شێوەیەن:

١- دانانی ئامانجەکانی فێرکردن بە بەکارهێنانی وێنە زنجیرەییەکان لەم قۆناغەدا مامۆستا پێویستی بە داڕشتنی ئامانجەکانی وانەکە هەیە.

٢- قۆناغی ئامادەکاری، مامۆستا ئەو شێوازە جێبەجێ دەکات کە بۆ گەیشتن بە ئامانجە پەروەردەییەکان بەکاری دەهێنێت.

٣- ئامادە کردنی پۆل، دەبێت سەرجەم قوتابییان لەناو پۆلدا بن، ئامادەکردنی پێش وتنەوەی بابەتەکە.

٤- وتنەوەی وانەکە یان بابەتەکەو خستنەڕووی ئامرازەکە، دەبێت مامۆستا کارامەیی باش لە خۆیدا هەڵبژێرێت بۆ ئەوەی ئامادەبێت بۆ بەکارهێنانی ئامرازەکە.

٥- پراكتیزەكردنی پرۆسەی فێركردن، لەم هەنگاوەدا پێویستە مامۆستا بە بەكارهێنانی شێوازە چالاكییەكانی فێركردن پراكتیزە بكات.( Azhar،2006،p: 93 )

**دەستكەوت:**

دەستكەوتی خوێندنی لایەنێكی گرنگی چالاكییە هزرییەكانە، كە قوتابی لە قوتابخانەدا پێیهەڵدەستێت، واتا بە پلەی یەكەم پرۆسەیەكی هزرییە، بۆیە ئەم چەمكە بە گۆڕاوەیەكی زانینی پۆلێن دەكرێت، هەروەها سەرجەم ئەو لایەنانە دەگرێتەوە، كە قوتابی لە فێربوونی خۆی و توانای دەربڕینی فێربوونیدا پێیدەگات. (عەبدولعەزیز,٢٠٢٤,ل. ٥٣)

**ئەدەب:**

ئەدەب زیاتر هۆنراوەو پەخشان دەگرێتەوە, ئەوەندەی بۆمان دەردەكەوتووە، یەكەمین دەقی ئەدەبیش شیعرە نەك پەخشان، كە مرۆڤەكان بەكاریانهێناوە، ئەوەندە هەیە شیعر لە پێش ئەودا هاتووە، كە نووسینی هونەری(پەخشان) پەیدابێت، لەبەرئەوەی شیعر زمانی ویژدانە ونووسین هی هزرە، لەبەرئەوەیە شیعر یەكەمین پایەی ئەدەبە.(مستەفا، ٢٠١٨،ل. ٥٨)

ئەدەب بە هەموو سیفەت و وشەو دەربڕینە جوانەكانی و وێنەی شیعری و ئاوازی بەجۆشی مرۆڤە و لە باوباپیرانەوە ماوەتەوە؛ هەموو ئەو شتانە دەگرێتەوە كە لەسەر بەرد، دیواری ئەشكەوتەكان، یان لەسەر گەڵای دارەكاندا نووسراون.(گەردی، ٢٠٠٥،ل. ٢٠)

دەقە ئەدەبییەكان تەوەرێكی بنەڕەتی لێكۆڵینەوەی ئەدەبین، ئەو بنەمایەی دەقە ئەدەبییەكانی لەسەر دامەزراون، ئەوەیە كە قوتابی لەڕووی هەنەریەوە توانای چێژبینینی ئەدەبی هەبێت، كە پشت بە قوڵبوونەوە و گشتگیری و شیكاركردن و تێرامان و هەڵهێنجان دەبەستێت.(نەجم،٢٠٢٣،ل. ١١)

**گەشەپێدانی بیركردنەوە:**

بیركردنەوە زۆر پێویستە، دەبێتە هۆی پێشكەوتنی گەلان، هاوڕابوونی كۆمەڵی پەروەردەكاران لەسەر ئەوەی بیركردنەوەی كارا هۆكارێكی گرنگە بۆ سەركەوتن لە قوتابخانە و ژیان بەگشتی، گەلان لە كەرتی پەروەردەدا بایەخیان بە بابەتی بیركردنەوە و پەرەپێدانیان داوە، تاوەكو بووەتە یەكێک لە ئامانجە سەرەكییەكانی پرۆگرامە جیاوازەكان. (الحويجي، والخزاعلة، ٢٠١٢،ل. ٣٦)

پەرەپێدانی بیركردنەوە لە قۆناغەكانی فێركردندا یارمەتی قوتابییان دەدات لە بەرزكردنەوەی ئاستی لێهاتوویی بیركردنەوەیان لەم سەردەمەدا، كە سەركەوتن پەیوەستە بەتوانای بیركردنەوە، گەشەپێدان یارمەتیان دەدات لە شیكردنەوەو ڕەخنەگرتن و هەڵسەنگاندنی گۆڕاوەكانی دەوروبەر، هەروەها گەشە بە كارامەیی ویژدانی و هەستكردن بە متمانە بە خۆبوونیان دەدات، (2022, Wahyana)" ئاماژەی بەوەداوە كە پەرەپێدانی بیركردنەوە لای قوتابییان لە جیهانی خێرا

گۆڕاوماندا گرنگ و پێویستە، کارامەییەکان لای هەموو قوتابییاندا بە باشی گەشە بکەن" . (p:34

**بیرکردنەوەی نزیکراوەیی:**

گیلفۆرد نموونەکەی بۆ سێ بوار یان ڕەهەند پۆلێن کردووە:

**یەکەم: بواری ناوەڕۆک:** جۆری ئەو ماددەیە دەگرێتەوە کە لە کێشەکەدا هاتووە و تێیدا هزری مرۆڤ چالاک دەبێت، کۆمەڵێک زانیاری فراوانە کە دەتوانرێت بوونەوەری زیندوو جیایبکاتەوە و (چوار ناوەڕۆک) لەخۆدەگرێت، کە بریتین لە:

١- ناوەڕۆکی شێوەکان

٢- ناوەڕۆکی بینراو.

٣- ناوەڕۆکی بیستراو.

٤- ناوەڕۆکی ڕەفتاری

**دووەم – بواری کردارە هزرییەکان:** بریتییە لەو کۆمەڵە چالاکییانەی کە لەلایەن بوونەوەری زیندووەوە ئەنجام دەدرێن، واتە شێوازی بیرکردنەوەیە.

(پێنج کردار) لەخۆدەگرێت:

١- پەیبردن یان زانین ٢- یادگا ٣- بیرکردنەوەی نزیکراوەیی ٤- بیرکردنەوەی دوورکراوەیی ٥- هەڵسەنگاندن

**سێیەم – بەرهەم:** بریتیە لە شێوازەی مامەڵەکردن لەگەڵ ناوەڕۆکدا، جا شێوە بێت یان هێما، یان واتابێت و (شەش کردار) لەخۆدەگرێت:

١- یەکەکان ٢- پۆلەکان ٣- پەیوەندییەکان ٤- یەکدەنگی ٥- لادانەکان ٦- لەخوگرتنەکان

بەم شێوەیە تیۆرێك لە (٤ x٥ x٦ ) =١٢٠( توانای هزری): بەپێی نموونەی گیلفۆرد پێکهاتووە، هەریەکێک لەم ڕەهەندانە دەتوانرێت بە شیکاری فاکتەری جیا بکرێتەوە، لەبەرئەوەی هەموو توانایەکی هزری پەیبردنی لە کردارەکان و ناوەڕۆک و بەرهەم پێکدێت.(العزاوي, والقيسي،٢٠١٨،ل. ٢١١)

بیرکردنەوەی نزیکراوەیی دۆخێك لە گەڕان بەدوای باشترین چارەسەردا دەنوێنێت، ئەمەش لەمیانەی ڕەخنەگرتن لە بیرۆکەکان و هەڵبژاردنی ئەوەی کە باشترینە. Maker,2005 ،(,p:67)

(عبدالعزيز،٢٠١٦) "ئاماژە بەوە دەکات، کە بیرکردنەوەی نزیکراوەیی پەیوەندی بە زۆر چەشنی تری بیرکردنەوە هەیە، کاتێک بڕی زانیاری کەم بێت و بۆچوونی چارەسەرکردن

نزيكراوەییە، ئەوسا بیرکردنەوەکە لە جۆری لۆژیکی دەبێت، ئەمەش چەشنی بیرکردنەوەی بڵاوە لە تاقیکردنەوە ئاساییەکاندا".( ل. ٢٠)

**گرنگی بیرکردنەوەی نزیکردنەوەیی:**

کارامەییەکانی بیرکردنەوەی نزیکراوەیی بریتییە لەو کارامەییە بنەڕەتییانە، کە قوتابییان لە کاتی وەڵامدانەوەی تاقیکردنەوەکانی زیرەکیدا بەکاری دەهێنن.

بیرکردنەوەی نزیکراوەیی هاوبەشی وەبەرهێنانی زانیاری و ئەو بیرۆکانەی لە یادەوەردا هەڵگیراون، لەپێناو گەیشتن بە واتا.

بیرکردنەوەی نزیکراوەیی بەشدارە لە توانای سود وەرگرتن لە شارەزاییەکانی پێشوو.(رزوقی ولطیف، ٢٠١٦،ل. ١٤١)

توێژینەوەکانی پێشوو

| ز | ناوی توێژەر و ساڵ و شوێن | ناونیشانی توێژینەوەکە | نموونە | قوناغ | میتودە توێژینەوە | ئامرازی توێژینەوە | ئامرازە ئامارییەکان | سەرئەنجام |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| ١ | محەمەد ٢٠٢٢ عیراق | کاریگەریی ستراتیژییەتی بەستن وراکێشان لەسەر دەستکەوتی قوتابییانی پۆلی هەشتەمی بنەرەتی لەبابەتی زمان و ئەدەبی کوردیدا | (٤٤) قوتابی | هەشتەمی بنەرەتی | ئەزموونی | تاقیکردنەوەی دەستکەوت | تاقیکردنەوەی تائی هاوکۆلکەی سەختی وئاسانی، هاوکۆلکەی جیاکاری، وکارایي جێگرەوە هەڵەکان،و دووجای کاي | بوونی جیاوازی بەڵگیر ئاماری لە ئاستی (٠،٠٥) لەنێوان قوتابییانی هەردوو کۆمەڵەی کۆنترۆلکراو و ئەزموونی |
| ٢ | لەتیف ٢٠٢٤ العراق | کاریگەریی ستراتیجییەتی (K.W.L.H) لەسەر دەستکەوت و ئاراستەی قوتابییانی پۆلی هەشتەمی بنەرەتی بەرەو بابەتی ئەدەبی کوردی | (٥٠) قوتابی | هەشتەمی بنەرەتی | ئەزموونی | تاقیکردنەوەی پێشینە و پاشینەی ئاراستە بەرەو بابەتی ئەدەب)، تاقیکردنەوەی زیرەکی رافن، دەستکەوت | هاوکێشەی تاقیکردنەوەی تائی(T-test)، دووجای کا٢، هاوکۆلکەی سەختی | بەپشتبەستن بەم ستراتیجییەتە توانای قوتابییان لەبەستنەوەی زانیاریی پێشوویان بەزانیارییە نوێیەکان باشتر کردووە،وەڵامدانەوەی قوتابییان ئەرێنیوکارابوو، بەهۆی وەرگرتن و تێگەیشتنیان لە بابەتی ئەدەبی کوردی. |

## بەشی سێیەم

## میتۆدی توێژینەوەکە ڕێکارییەکانی

### یەکەم: میتۆدی توێژینەوەکە

بەواتای ئەنجامدانی گۆڕانکارییەکی زۆرباش بۆ دیاردەی بابەتی توێژینەوەکە، و چاودێریکردنی دەرئەنجامی ئەم گۆڕانکارییە، لە کاریگەرییەکان یان شێوازێکی ئەزموونی پەیوەستە بە ئەنجامدانی ئەزموونەکان، بەمەبەستی زانینی پەیوەندی نێوان دوو فاکتە، کە یەکێکیان پێی دەوترێت گۆڕاوەی ئەزموونی سەربەخۆ، ئەوی تریان پێی دەوترێت گۆڕاوەی پشتبەست.

### دووەم: دیزاینی ئەزموونی

یەکەم هەنگاو، کە دەکەوێتە سەر توێژەر، لە کاتی ئەنجامدانی تاقیکردنەوەیەکی زانستیدا هەڵبژاردنی دیزاینی ئەزموونییە، لەبەر وردی ئەنجامەکان پشت بە جۆری دیزاینی ئەزموونی دەبەستێت، دیزاینی ئەزموونی پلان و بەرنامەی کارە، کە لەڕێگەیەوە ئەزموونەکە جێبەجێ دەکرێت.

| کۆمەڵەی | تاقیکردنەوەی پێشینە | گۆڕاوی سەربەخۆ | گۆڕاوی پشتبەست | تاقیکردنەوەی پاشینە |
|---|---|---|---|---|
| ئەزموونی | بیرکردنەوەی نزیکراوەیی | وێنە زنجیرەییەکان | دەستکەوت و پەرەپێدانی بیرکردنەوەی نزیکراوەیی | تاقیکردنەوەی دەستکەوت و بیرکردنەوەی نزیکراوەیی |
| کۆنترۆڵکراو | | ڕێگای ئاسایی | | |

**شێوەی ( ١ )دیزاینی ئەزموونی نیمچە کۆنترۆڵکراو ڕووندەکاتەوە**

### سێیەم: کۆمەڵگەی و نموونەیی توێژینەوەکە

**١ – کۆمەڵگەی توێژینەوەکە**

کۆمەڵگەی توێژینەوەی ئێستا لە قوتابییانی پۆلی حەوتەمی بنەڕەتی پێکدێت، کە لە قوتابخانەکانی بەیانیانی حکومی سەر بە بەڕێوەبەرایەتی گشتی پەروەردەی پارێزگای کەرکووک دەخوێنن، بۆساڵی خوێندنی (٢٠٢٤-٢٠٢٥)ز، توێژەر سەردانی بەشی پلاندانانی لە بەڕێوەبەرایەتی گشتی پەروەردەی کەرکوکی کردووە، بەپێی نووسراوی کۆلێژی پەروەردەی ئبین ڕوشد بۆ زانستە مرۆڤایەتییەکان، زانکۆی بەغدا

**نموونەی توێژینەوەکە** : بەشێکە لە کۆمەڵگەی توێژینەوەکە، بەپێی ڕێسا تایبەتەکان هەڵدەبژێردرێت، بۆ ئەوەی نموونەی وەرگیراو نوێنەرایەتی کۆمەڵگەی توێژینەوەکە بکات.

### چوارەم: هاوتابوونی هەردوو کۆمەڵەی توێژینەوەکە

**تەمەنی قوتابی هەژمارکراو بە مانگ:**

**خشتەی(٢) ناوەندی ژمێرەیی و لادانی پێوەری و بەهای (t-test )، و پلەی ئازادیی، بەڵگەی ئاماری بۆ قوتابییانی هەردوو کۆمەڵەکە لە تەمەنی کاتیدا**

| کۆمەڵەی | قەبارەی نموونەکە | ناوەندی ژمێرەیی | لادانی پێوەری | بەهای (t-test) هەژمارکراو | بەهای (t-test) خشتەیی | پلەی ئازادیی | بەڵگەی ئاماری لەئاست (٠.٠٥) |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| ئەزموونی | ٢٥ | ١٥٤,٤٨ | ٦,٤٣ | ٨١٩،٠٠ | ٢,٠٠ | ٥٠ | بەبێ بەڵگەی ئامارییە |
| کۆنترۆڵکراو | ٢٧ | ١٥٣,٠٣ | ٦,٢٦ | | | | |

**٢. تاقیکردنەوەی ئاستی زیرەکی (Raven)**

زیرەکی بریتییە لە خێرایی تێگەیشتن و چالاکیەکی ژیری و زانیینە، کە هزر ئەنجامی دەدات، مەرج نییە زیرەکی بە دەستکەوتی ئەکادیمی یان میتودۆلۆژیی ببەسترێتەوە وەک لەلایەن هەندێک کەسەوە زانراوە، لەوانەیە لەوە زیاتر درێژبێتەوە بۆ لایەنەکانی تری وەک، زیرەکی کۆمەڵایەتی، زمانەوانی و بیرکاری، بۆیە هەرتاکێك بە جۆرێك یان زیاتر لە جۆرەکانی زیرەکی تایبەتمەندە. (النعيمي،٢٠١٥،ل.٩٣)

**. دەستکەوتی خوێندن:**

أ – **دەستکەوتی خوێندنی باوکان:** توێژەر ئاستی دەستکەوت باوک بەپێی جۆری بڕوانامە بەسەر (سێ) ئاستدا دابەشکردووە: (دکتۆرا و بەرەوخوار، قۆناغی ناوەندی و بەرەوخوار ، سەرەتایی بەرەوخوار) هەروەها توێژەر دووجای کای بۆ چارەسەری ئاماریی بۆ داتاکانی تایبەت بە دەستکەوت ئەکادیمی باوکان بۆ هەردوو کۆمەڵەی توێژینەوەکە بەکارهێناوە

**٤. یەکسانی تاقیکردنەوەی پێشینەی بیرکردنەوەی نزیکراوەیی:**

توێژەر تاقیکردنەوەی (فالح، ٢٠١٧)بۆ بیرکردنەوەی نزیکراوەیی وەک ئامرازێک بۆ پێوانەکردنی گۆڕاوی پشتبەست وەرگرتووە، پاشان خستوویەتییە بەردەستی کۆمەڵێک پسپۆڕ و شارەزا لە بواری پەروەردە و دەروونناسی، و ڕێگاکانی وانەوتنەوە، لە ڕاستگۆیی تاقیکردنەوەکە دڵنیابووە،لەپێش دەستپێکردن بە ئەزموونەکە تاقیکردنەوەکەی بەسەر قوتابییانی هەردوو کۆمەڵەی توێژینەوەکە لە ڕۆژی دووشەممە ئەنجامداوە, ناوەندی ژمێرەیی نمرەی قوتابییانی کۆمەڵەی ئەزموونی گەیشتووە بە (٢٣.٩٦) بە لادانی پێوەری(٤.٦٤)، هاوکات ناوەندی ژمێرەیی نمرەی قوتابییانی کۆمەڵەی کۆنترۆڵکراو گەیشتووە بە (٢٣.٥٩) بە لادانی پێوەری (١٢.٦٥)، بەبەکارهێنانی تاقیکردنەوەی(t-test) سەربەخۆ بۆ هەردوو کۆمەڵەکە، دەرکەوتووە، کە هیچ بەڵگەیەکی ئاماری لەنێوان هەردوو کۆمەڵەی توێژینەوەکەدا نییە، بەهای تائی هەژکارکراو گەیشتووە بە (٠,١٣٧) کەمترە لە بەهای تائی خشتەیی(٢,٠٠) لە ئاست بەڵگەی

ئاماری(٠.٠٥) و بە نمرەی ئازادی (٥٠). بەمەش هەردوو کۆمەڵەکە لە گۆڕاوی تاقیکردنەوەی پێشینەی بیرکردنەوەی نزیکراوەی یەکسانن.

**بابەتەکانی خوێندن:**

بابەتەکانی خوێندنی دیاریکراو بۆ ئەزموونەکە یەکسان بوو بۆ هەردوو کۆمەڵەی توێژینەوەکە، لە پەرتووکی زمان و ئەدەبی کوردی پۆلی حەوتەمی بنەڕەتی بۆ ساڵی خوێندنی (٢٠٢٤-٢٠٢٥)،

**ئامادەکردنی پلانی ڕۆژانەی وانەوتنەوەکە:**

پلانی وانەوتنەوە بریتییە لە ڕێکاری پێشوەختە سەبارەت بە بارودۆخی وانەوتنەوە، کە مامۆستا و قوتابییان بەمەبەستی بەدیهێنانی ئامانجە دیاریکراوەکانی فێرکردن ئەنجامی دەدەن، ئەم پرۆسەیە دیاریکردنی ئامانجەکان و هەڵبژاردنی ڕێگایەکی وانەوتنەوە لەخۆدەگرن، کە یارمەتیدەرن بۆ بەدیهێنانی پلانەکە. (کریدی، ٢٠١٧، ل. ٨٣)

**ئامرازەکانی توێژینەوەکە:** بەدیهێنانی ئامانجی توێژینەوەکە، پێویستی بە دوو ئامراز

**- تاقیکردنەوەی دەستکەوت.**

**- پێوەری بیرکردنەوەی نزیکراوەیی**

**بەشی چوارەم: خستنەڕووی ئەنجامەکان و شیکردنەوەیان**

**بە مەبەستی پشتڕاستکردنەوەی گریمانەی سفری یەکەم، کە دەڵێت:**

جیاوازی بەڵگەی ئاماری لە ئاست(٠.٠٥)لە نێوان ناوەندی نمرەی قوتابییانی کۆمەڵەی ئەزموونیدا، ئەوانەی بابەتی ئەدەب بە وێنە زنجیرەکان دەخوێنن، وناوەندی نمرەی قوتابییانی کۆمەڵەی کۆنترۆڵکراودا نییە، ئەوانەی هەمان بابەت بەڕێگای ئاسایی دەخوێنن، لە تاقیکردنەوەی پاشینەی دەستکەوتدا.

دوای ڕاستاندنی وەڵامەکانی قوتابییان و هەژمارکردنی کۆی نمرەی هەر قوتابییەك لە هەردوو کۆمەڵەدا، ناوەندی ژمێرەیی، و لادانی پێوەری هەژمارکراوە.

**شیکردنەوەی ئەنجامەکانی پەیوەست بە دەستکەوت**

لە ئەنجامی دەستکەوتی خوێندنی قوتابییانی نمونەی توێژینەوەکە دەرکەوت کە بەکارهێنانی وێنەی زنجیرەییەکان لە وانەوتنەوەدا بەشداری کردووە لە باشترکردنی ئاستی دەستکەوتی قوتابییان، جیاوازی نێوان ناوەندی نمرەکانی کۆمەڵەی ئەزموونی و کۆنترۆڵکراو بەبەڵگەی ئامارییەوە بووە لە ئاست(٠.٠٥) بە بەکارهێنانی تاقیکردنەوەی ( t-Test ).

**دەرەنجامەکان :**

لەمیانەی ئەزموونی توێژینەوەکە و لەبەر ڕۆشنایی ئەنجامەکاندا توێژەر بەم خاڵانەی خوارەوە گەیشتووە:

١- کاریگەری ئەرێنی وێنە زنجیرەییەکان لەوانەوتنەوەو گۆڕانەکارییەکانی توێژینەوەی ئێستا به بەراورد لەگەڵ ڕێگای ئاسایی.

١- وانەوتنەوە بەپێی وێنە زنجیرەییەکان بەشداربوو لەبەرزکردنەوەی ئاستی دەستکەوت و باشترکردنی بیرکردنەوەی نزیکراوەیی لای قوتابییانی پۆلی حەوتەمی لە بابەتی ئەدەبی کوردیدا.

**ڕاسپاردەکان:**

لەبەر ڕۆشنایی ئەو ئەنجامانەی توێژینەوەی ئێستا بەدەستهاتووە، توێژەر ئەم ڕاسپاردانەی خوارەوە دەکات:

١- وانەوتنەوە بە بەکارهێنانی وێنە زنجیرەییەکان ئەنجامێکی باش دەدات، بەو پێیەی کاریگەری ئەرێنی لەسەر زیادکردنی دەستکەوت و بیرکردنەوەی نزیکراوەیی هەیە.

٢- جەختکردن لە ئەنجامدانی چالاکی پۆل و دەرەوەی پۆل لەلایەن قوتابییانەوە.

٣- فەراهەمکردنی ژینگەی فێرکردنی گونجاو و دابینکردنی کەرەستەو ئامرازی فێرکردنی پێویست لەلایەن کەسانی پەیوەندیدار بۆ وتنەوەی بابەتی ئەدەب لە قوتابخانە ناوەندی و دواناوەندییەکان بۆ ئاسانکاری پرۆسەی بەکارهێنانی شێواز و ڕێگای نوێی وانەوتنەوە بە گشتی و بەکارهێنانی وێنە زنجیرەییەکان بەتایبەتی.

**پێشنیازەکان**

لە درێژەی توێژینەوەی ئێستادا، توێژەر پێشنیازی ئەم خاڵانەی خوارەوە دەکات:

١- ئەنجامدانی توێژینەوەی هاوشێوەی توێژینەوەی ئێستا لە قۆناغەکانی تری خوێندن.

٢- ئەنجامدانی توێژینەوەی هاوشێوەی توێژینەوەی ئێستا بۆ دەرخستنی کاریگەری وێنە زنجیرەییەکان لەسەر گۆڕاوەکانی تر، وەک: بیرکردنەوەی دوورکراوەیی، دەستکەوتی چەمکەکان، چارەسەرکردنی کێشەکان .

**سەرچاوەکان بە زمانی کوردی**


عەبدولعەزیز، هەڤال فەیسەڵ.(٢٠٢٤). *کاریگەری ستراتیژی تۆپەڵە بەفر لەسەر دەسکەوت و باڵنەری قوتابییانی پۆلی پێنجەمی سەرەتایی بەرەو بابەتی زمانی* [ماستەرنامەی بلاونەکراوە]. زانکۆی بەغداد.

فەتاح، محەمەد مەعروف.(٢٠١١). *زمانەوانی* (چ٣) . چاپخانەی حاجی هاشم.

گەردی، عەلی.(٢٠٠٥). *ڕەوانبێژی لەئەدەبی کوردیدا* (ب.٢).چاپخانەی موکریان.

لەتیف, شیڤان مستەفا.(٢٠٢٤).کاریگەری ستراتیژی(K.W.L.H )لەسەر دەستکەوت و ئاراستەی قوتابییانی پۆلی هەشتەمی بنەڕەتی بەرەو بابەتی ئەدەبی کوردی.گۆڤاری *الاستاذ بۆ زانستە مرۆڤایەتییەکان و کۆمەڵایەتییەکان,* ٦٣ (٣) ,١٠٥٩-١٠٨٠.

محەمەد, يوسف سابير.(٢٠٢٢). كاریگەری ستراتیژی بەستن و ڕاکێشان لەسەر دەستکەوتی فێرخوازانی پۆلی هەشتەمی بنەڕەتی لەبابەتی زمان و ئەدەبی کوردیدا. *گۆڤاری الاستاذ بۆ زانستە مرۆڤایەتییەکان و کۆمەڵایەتییەکان*,٦٢ (١),١٩٣٠-١٩٤٩.

مستەفا، ئیدریس عەبدەڵڵا.(٢٠١٨). کوردۆلۆژی*(بابەتێکی ڕۆشنبیری کوردییە)*. چاپخانەی هێڤی.

مەجید، هێمن عەدنان. (٢٠٢٣). *کاریگەری ستراتیژییەتی چوارگۆشەیی لەسەر دەستکەوتی بابەتی ڕێزمانی کوردی لای خوێندکارانی پۆلی حەوتەمی بنەڕەتی* [ماستەرنامەی بڵاونەکراوە]. زانکۆی بەغداد.

نەجم , هیوا نەجات.(٢٠٢٣).کاریگەری ستراتیژی ڕایەخی شوێن لەسەر دەسکەوتی بابەتی ڕێزمان و خوێندنەوەی کوردی لەلای قوتابییانی پۆلی پێنجەمی بنەڕەتی ومەیلیان بۆ بابەتی خوێندن.*گۆڤاری الاستاذ بۆ زانستە مرۆڤایەتییەکان و کۆمەڵایەتییەکان*,٦٢ (١), ١٩٦٣-١٩٧٧.

وزارەتی پەروەردە.(٢٠٠٧). *پێشنیارو ڕاسپاردەکان بۆ کۆنگرەی پەروەردەیی*. چاپخانەی وزارەتی پەروەردە.

وەلی، هیوا محەممەد. (٢٠٢٤). کاریگەریی ستراتیجییەتی شەش ڕەهەندی لەسەر دەستکەوت و بیرکردنەوەی داهێنەرانەی خوێندکارانی پۆلی یازدەیەمی ئامادەیی لەبابەتی ڕێزمانی کوردیدا.*گۆڤاری الاستاذ بۆ زانستە مرۆڤایەتییەکان و کۆمەڵایەتییەکان*,٦٣ (٣),٩٥٧-٩٧٢.

**سەرچاوەکان بە زمانی عەرەبی**

آل عويد ، وصفي خلف حسين.(٢٠٠٨). *أثر إستراتيجية في العصف الذهني في تنمية التفكير الأستدلالي لدى طلاب صف الرابع الإعدادي عند تدريس مادة الجغرافية*.
[ رسالة ماجستير غير منشورة]. الجامعة المستنصرية.

انيتا، ولفولك. (٢٠١٠).*علم النفس التربوي*(ط.١).( صلاح الدين محمود علام, مترجم) . دارالفكر.(٢٠٠٤).

الحويجي، خليل بن إبراهيم و الخزاعلة، محمد سلمان.( ٢٠١٢). *مهارات التعلم والتفكير*. الخوارزمي للنشر والتوزيع.

الدليمي، عصام حسن.(٢٠١٤). *النظرية البنائية وتطبيقاتها التربوية*. دار الصفاء للنشر.

رزوقي، رعد مهدي، واستبرق، مجيد علي.(٢٠١٦). *التفكير وانماطه* (ج٢). دار الكتب العلمية للنشر.

الساعدي، جودت حسن خلف.( ٢٠١١). *مناهج البحث العلمي في علم الإنسان* – الانثروبولوجي – وعلم القانون. دار الشروق.

سعادة، جودت احمد، و عقل، فواز، و زامل، مجدي.(٢٠١١).*التعلم النشط بين النظرية والتطبيق*. دار الشروق للنشر.

سمارة, نوف احمد, والعلايلي, عبدالسلام موسى.(٢٠٠٨). *مفاهيم والمصطلحات في العلوم التربوية*. دار المسيرة.

العبادي، احمد محمد محمود.(٢٠١٢). *اثر استراتيجية الصور المتسلسلة في تحصيل تلميذات الصف الخامس الابتدائي في مادة التاريخ*[رسالة ماجستير غير منشورة] جامعة ديالى.

عبدالعزيز, عمرو سيد صالح.(٢٠١٦). *استراتيجية البنتاجرام لتنمية مهارات التفكير وحل المشكلات*. مكتبة انجلو.

عثمان، علي. (٢٠٠٨). *الوسائل التعليمية التعلمية إعدادها و طرق استخدامها*. دار اقلام للنشر.

العبد، محمد.(٢٠٠٣). *دراسة الصورة والثقافة والاتصال*. [رسالة غير منشورة ] جامعة منصورة.

العزاوي، فاتن سبع، القيسي، خولة عبدالوهاب.(٢٠١٨). التفكير التقاربي وعلاقته ببعض المتغيرات لدى اطفال الرياض. *مجلة الباحث في العلوم الانسانية*،١ (٣٣). ٨٨-١١٥.

عطية، محسن علي.(٢٠١٥). *علي البنائية وتطبيقاتها استراتيجيات تدريس حديثة*. الدار المنهجية للنشر والتوزيع.

عيسى، فوزي .(٢٠٠٩). *النص الشعري والية القراءة* . مشأة المعارف بالاسكندرية .

غانم ، محمود محمد.(٢٠٠٩). *مقدمة في تدريس التفكير*. دار الثقافة للتصميم والإنتاج.

فالح، ضياء حنون.(٢٠١٧). *أثر أنموذج بارمان في تحصيل مادة الكيمياء والتفكير التقاربي عند طلاب الصف الخامس العلمي*[رسالة ماجستير غير منشورة] جامعة بغداد.

الفرجاني، عبدالعظيم عبدالسلام.(٢٠٠٢). *تكنولوجيا انتاج المواد التعليمية*. دار غريب للنشر.

قرني، زبيدة محمد.(٢٠١٣). *استراتيجيات التعلم المتمركز حول الطالب*. المكتبة العصرية للنشر والتوزيع .

كريدي، مصدق خنجر.(٢٠١٧). *أثر أنموذج التعلّم التوليدي في تنمية مهارات الأداء التعبيري والتفكير الإبداعي لدى طلاب المرحلة الإعدادية*[رسالة ماجستير غير منشورة]. جامعة ديالى.

مدكور، على احمد.(٢٠٠٧). *طرائق التدريس اللغة العربية*. دار المسيرة.

المهيزع, جاسم عيسى.(٢٠١١). *تفعيل دور الطالب رؤية تربوية*. مكتبة التربية العربي لدول الخليج.

النعيمي، محمد عبد العال ( ٢٠١٥). *طرق ومناهج البحث العلمي*. دار الوراق للنشر.

**سەرچاوەکان بە زمانی ئینگلیزی**


Azhar,A.(2006).*Media Pembelajaran* . Jakarta: PTRaja Grafindo Persada.

Rosyidi, A. W. *(2009). Media Pembelajaran Bahasa Arab* UIN-Malang Press

Susanti,H.(2013). *Penggunaan media gambar berseri untuk meningkatkan keterampilan menulis narasi sisaw kelas iv sdn tambak kemeraan kecamatan krian* .

Syaiful, B .D.(2006). *Strategi.BelajarMengajar*Jakarta. PT. Rineka Cipta.

Tomas, W.H. ( 2006*). locus of control at work: a meta* analysis . *Journal of organizational behavior* , *27(8),*1057 – 1087.

Wahyana, A. (2022). *Teathung Thinking and Thinking Skills*. Artikel Hasil Pemikiran.